00468-7519105
00468-7510412

هەولێر-کوردستان

بۆ کۆمیتەی ئامادەیی یادی ساڵگەردی مامۆستای نووسەر و
سیاسەتمەداری تێکۆشەری کورد کەریمی حیسامی

بۆ بنەماڵەی مامۆستا کەریم

بەڕێزان

ساڵێک لەمەوبەر گەلی کوردمان ڕۆڵەیەکی
دڵسۆز و نووسەرێکی لێهاتوو و تێکۆشەرێکی چاونەترس و
ماندوونەناسی خاوەن هەڵوێستی لەدەستدا، لە
٦/١٠/٢٠٠١ دڵە گەورەکەی کاک کەریمی حیسامی لە
لێدان وەستا.

من لە ساڵی ١٩٦٨-ەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ
کاک کەریم پەیدا کردووە و بۆ ماوەی پێنج ساڵیش
هاوکاریم کردووە لە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی
ڕۆژنامەی - سەردەمی نوێ - دا و تا دەرچوونی بەرگی
هەشتەمی - بیرەوەرییەکانی - زیاتر بەوردی خوێندوومەتەوە و
چەندان جاریش تێبینی تایبەتم لەسەر هەندێ کەس و
ڕووداو داوە.

بەڕێزان
کارکردن لەگەڵ کاک کەریمدا ئاسان و زەحمەت بوو،
ئاسان بوو چونکە ئەو کەلە پیاوە ماندوونەناس و قسەخۆش
بوو، لە کارکردن لە پێناو سەرکەوتنی کێشەی ڕەوای

=لە لەکەی و خەباتی ڕزگاریخوازی و مافی زەحمەتکێشانی کوردستان و گەلانی بەشخوراودا دریغی نەدەکرد.

کاک کەریم بڕوای تەواوی بە بلۆکی سۆسیالیستی و بیری سوسیالیستی زانستی هەبوو و لە ڕوانگەی جیهانبینی مارکسیەوە ڕووداوەکانی لێکدەدایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کاک کەریم وەک زۆربەی چەپەکانی ناوچەکە فریوی بە هەندێ دروشمی بریقەدار نەخوارد بوو و بە ئاشکاری لە نامیلکەی «بادانەوە»دا ڕەنگی داوەتەوە. کاک کەریم بە بڕوای خۆی و بە قەناعەتی منیش بەرژەوەندی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەی لە سەرووی بەرژەوەندییەکانی تر دادەنا و بۆ ساتێکیش دریغی نەدەکرد لە بەرگری کردن لە مافە ڕەواکانی زەحمەتکێشانی کوردستان و ڕیسواکردنی هێزە تەریکایەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و داگیرکەرانی کوردستان.

زەحمەتی کارکردن لەگەڵ کاک کەریمدا، لەوەدا خۆی دەنواند - بەبەستم لە بواری ئۆرگانەکەیدا - هەرچەندە لە یەک بەرەی چەپدا بووین، بەڵام هەڵوێستمان لە هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکانی کوردستان و هەڵوێست لە دەوڵەتانی سۆسیالیستی پێشوو، بۆچوونی جیاوازمان هەبوو، بە تایبەتی لە نووسینی سەروتارکە دەربڕی ڕێبازی ئۆرگانەکە بوو - سەردەمی نوێ - بەڵام هەر دوو لامان لە سەر ئەوە ڕێککەوتبووین ئەگەر - لە سەر هەر بابەتێک بۆچوونمان جیاواز بوو، ئەوە سەروتارەکە بە ناوی ڕاوەستەکەی بڵاو دەکرێتەوە. هەروەها هەڵوێستی جیاوازمان هەبوو دەربارەی حیزبی دیموکرات و سەرکردایەتی ئەو حیزبە، ئەمەش بە ئاشکرای لە سەردەمی نوێدا ڕەنگی داوەتەوە.

بەڕێزان

ئەگەر مرۆڤ بیەوێ لە سەر هەموو بەرهەمەکان و خەباتی سیاسی کاک کەریم بدوێ، بێگومان دەبێ سەدان لاپەرە پڕبکاتەوە.

کاک کەریم گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێهێشتووە، پێویستە دوور لە سۆز و ناحەزی تایبەتی و بە شێوەیەکی بابەتیانە هەڵبسەنگێنرێن و بخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوەی زانستی، چونکە بە داخەوە هەندێ کەس لە دۆست و ناحەزانی کاک کەریم کە هێشتا لە ژیاندا بوو، لێرە و لەوێ گازندەیان لە بیرەوەرییەکانی دەکرد، بەڵام تا کاک کەریم لە ژیاندا بوو، بە دەگمەن چەند دێڕیان لە سەر نووسیوە، هیوادارم لەوانە کە لەمەودوا لە سەر بیرەوەرییەکانی کاک کەریم دەنووسن، گلەیی پاش مردوو نەبێ، بەڵکوو بابەتیانە و دوور لە ڕق و کینە قەڵەم بگرنە دەست.

هەزار سڵاو لە یادی مامۆستا کەریمی حیسامی با

نووسەر و تێکۆشەر

ڕەوانی شاد.

دکتۆر

جەمشید حەیدەری

هەولێر - کوردستان

٢ / ١٠ / ٢٠٠٢